

✿ (ئیسلام زاخۆیی) وەکو هونەرمەندێکی گەنجی نێو گۆڕەپانی هونەری کوردی ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەلبومێکی بە نێوی (پشتی چ) بڵاوکردەوە، ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بەرهەمەی هونەرمەندی ناوبراو و چەند باسێکی تر حەزمام کرد گفتوگۆیەکی لەگەڵ دا ئەنجام بدەین و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی یەکە بە یەکەی پرسیارەکانی داینەوە: ✿

## ئیسلام زاخۆیی:

# هونەرمەند نەبومایە بەکەڵکی کارێکی تر نەدەهاتم



**بەرهەمەکەم بێبەش نەبوو لە ڤایرۆسی کۆپی، بەڵام ئەوەی ئەم کارەی ئەنجامدا توانرا زوو ئاشکرا بکرێ**

**• با لەوە دەست پێ بکەین بەرهەمی ئەمجارەتان گۆرانکارییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ بەرهەمەکانی ترت چۆن توانیت ئەم گۆرانکاریانە بکەیت یاخود سوودت لە کێ بینی؟**

- ئەبێت من زۆر سوپاسی تایبەتی کەنالی ڤین تی ڤی بکەم چونکە بەڕاستی ئەوان بە جۆرێك هاوکارییان کردم، کە منیش هەوڵبدەم گۆڕانکارییەکی زۆر لە کارو پرۆژەکانمدا بکەم و سوپاسی زۆری برادەرانی تریش دەکەم کە دەسپێکی دیاریان هەبوو لە بەرهەمەکەمدا.

*** پێتوابوو سەرکەوتوو بوویت لەم بەرهەمەتدا؟**

ـ دەکرێ ئەم پرسیارە بۆ جەماوەر بەجێ بێڵم کە بڕیار بدەن کەوا بەرهەمێکی سەرکەوتوویە یان نا، من زۆر سوپاسی جەماوەری خۆ دەکەم کە بەڕاستی دەرییان بڕی کە توانیوومە سەرکەوتن بەدەست بێنم ئەویش بە دەست خۆ شیکردنیان دوایی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەم.

**• لە کاتی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەت لە ناوچەی بادینان بەتایبەتی هەست دەکرا گەرم و گوڕییەك لە کڕینی بەرهەمەکەت دا هەبوو ئایا هۆکاری ئەم گەرم و گوڕییە چی بوو ل کڕینی بەرهەمەکەت؟**

- سوپاس بۆ خوا کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەم بەرهەمەوە خەریك بووم ئەمەش ڕەنجێکی زۆرم لەگەڵدا تاوەکو توانیم ئەم بەرهەمەم بە کۆتا بهێنم، ئەم بەجدی کارکردنەی من لەم بەرهەمەدا دەری خست کە خەڵك چۆن بە گەرم و گوڕی پێشوازی لەبەرهەمەکەم بکەن بۆیە جارێکی تریش سوپاسی خوا دەکەم.

**• شتێکی تر کە جێگای سەرنج بوو لای من لە کاتی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەت پلیتی خەڵات وەرگرتن دابەش دەکرا، بەسەر ئەو کەسانەی کە بەرهەمی نوێیەکەت دەکرد ئایا ئەمە کێ داینا؟ مەبەست لە دانانی چی بوو؟**

ـ بۆ ئەم پلیت دابەش کردنە کۆمپانیای vin بەم کارە هەڵسا مەبەستی سەرەکی ئەو کۆمپانیایە ئەوەبوو کە بۆ پاراستنی بەرهەمەکەم لە دیاردەی کۆپی کە ئەمەش خۆشبەختانە توانی تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بێت و هیوادارم بۆ هونەرمەندانی تریش بکرێت.

**• تۆ لەم بەرهەمەت تا چەند کەوتیە بەر ڤایرۆسی کۆپی؟ یاخود بەرهەمەکەی تۆی گرتەوە؟**

- بەڵێ بەرهەمەی منیش بێ بەش نەبوو لەو ڤایرۆس، بەڵام ئەوەی ئەم کارەی ئەنجام دا توانرا لە ماوەیەکی کورتدا ئاشکرا بکرێت.

**• ڕۆڵی عبدالقهار لەسەرکەوتنی تۆدا چییە؟**

- ئەتوانم بڵێم ڕۆڵێکی شا سوارانەی هەیە لە سەرکەوتنی من چونکە هەردەم هەوڵی ئەوە دەدات کە چۆن بتوانم سەرکەوتووبم لە کارێك دا ئەنجامی دەدەم، بۆیە ئەتوانم بڵێم سەرکەوتنی من بە پشتگیری ئەوەوەیە.

**• باشە کەواتە دەڵێین ئەگەر (عەبدولقەهار نەبوایە(ئیسلام) دەگەیشتە ئەو ئاستەی ئێستای؟**

- بەڕاستی ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم لەم بارەیەوە کە لەوانەیە زۆر کەسی تر بڵێین ئەگەر(عبدالقهار) نەبوایە ئەوا(ئیسلامی) یش نەدەبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم ڕاستە(عبدالقهار) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەسەرکەوتنەکانی مندا، بەڵام ئەگەر(عبدالقهار) نەبوایە ئەوا کۆمەڵە کەسێکی تری خاوەن ئەزموون هەبوون کە دەمتوانی سودیان لێوەببینم.

**• گۆرانییەکانی (ئیسلام) بە جۆرێکن بە ئاسانی لەلایەن منداڵانەوە خۆشەویستن، مەبەستم ئەوەیە بە جۆرێکی سادەتر کە بە ئاسانی لێی تێبگەی ئایا خۆت حەزت بەمجۆرە ستایلەیە؟**

- بەڵێ ڕاستە، من زۆر تەرکیز لەسەر ئەم خاڵە دەکەمەوە کە گۆڕانکارییەکانم بە جۆرێك بن هەموو چین و توێژەکان لێی تێبگەن، دیارە لەمجۆرە ستایلەی منیشدا یاخود بڵێم ئەو ستایلەی من لەلایەن مناڵانیش خۆشەویست بووە من زۆر سوپاسی هەموو ئەو مناڵانە دەکەم کە زۆر حەز بە گۆرانییەکانم دەکەن، ئەمەش من بە سەرکەوتنی دادەنێنم چونکی ئەگەر بێت و منداڵ بە ئاسانی تێگەیشتن و توانرا بە ئاسانی بیڵێتەوە لە هەمان کاتیش دا مانا داربێت هۆنراوەی گۆرانەییەکە من بەسەر کەوتووی دەزانم.

**• مادامەکی منداڵ گوێ لە گۆرانییەکانت دەگرن و لێی تێدەگەن، بۆ تاوەکو ئێستا کارێکت بۆ منداڵان نەکردووە ؟**

- ڕاستی ئەمە شتێکە وەکو ئەرکێك لەسەرم پێویستە کارێکیان بۆ بکەم، بەڵام ئەنجام نەدانی ئەم کارە تاوەکو ئێستا زیاتر هۆکارەکەی ئەوەبوو کە بەڕاستی ئەو شتەی من ویستوومە بیکەم جێبەجێ نەبووە، بەڵام بە پشتیوانی خوا لە داهاتوودا هەوڵدەدەم کار بۆ منداڵانیش بکەم.

**• بیرت لەوە نەکردۆتەوە بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند(عبدالقهار) کارێك بکەن؟**

- بەڵێ ئەمە لەبەرنامەی کاری من و( عبدالقهار)دا هەیە کارێکی لەمجۆرە بکەین، بەڵام زیاتر حەزمان لێیە ئەو کارەی کە دەیکەین لەسەر لایەنی ئەڤینداری و شتی لەمجۆرە نەبێت، بەڵکو دەمانەوێت بە بۆنەی یادێکەوە بێت یان ئەگەر ئەویش نەبێت ئەوا گۆرانیەکی نیشتمانی بێت.

**• هونەرمەندەکانی ناوچەی هەولێر و ناوچەکانی تر چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- ئەگەر بڵێین وەکو لایەنی هەڵسەنگاندن لەوانەیە نەتوانم هەڵیانسەنگێنم، بەڵام ئەوەش دەبێت کە بەراستی هونەرمەندی زۆر سەرکەوتوو خاوەن ئەزموون هەن لە ناوچانە ئەمەش دەبێتن ئێمە شانازی بەوەوە بکەین هونەرمەندی لەمجۆرەمان هەن.

**• ئێوە وەکو هونەرمەندانی دەڤەری زاخۆ زۆرکات لە ئاهەنگ و**

**بۆنەکان دا پێکەوە دەبینرێن بە کۆمەڵ ئایا دەتانەوێت هونەرمەندانی دەڤەرەکانی تریش چاو لە ئێوە بکەن و بەمجۆرە پێکەوە کۆ ببنەوە یان هەر خۆتان حەزتان لەمجۆرە پێکەوە بۆنەیە؟**

- ئەمە شتێکی زۆر بەرچاوە کە ئێمە وەکو هونەرمەندانی دەڤەری زاخۆ زۆربەی کات لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا پێکەوەین، بەڵام تەنیا لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا پێکەوە نین بگرە زۆربەی کاتی تریش پێکەوەین، ئەمەش راستی دوو ئامانجی سەرەکیمان لەوەدا هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە وەکو بەرێزتان باستان لێوە کرد بۆ ئەوەی هونەرمەندانی دەڤەرەکانی تر بەو جۆرە بن، خاڵی دووەمیش ئێمە زۆر سوود لە پێکەوە بوونەی خۆمان دەبینین چونکە زۆری لە هونەرمەندانی کۆنی ئێمە بە گوێرەی ئەو شارەزاییەی کە هەیانە و ئەو شتەی کەلەلایەن ماوە نەیان وتووە و ئەو پەیامەی کە هەیانە دەیانەوێت بە ئێمەی چینی گەنجی هونەرمەند بدەن بۆیە دەڵێم خۆزگە هەموو هونەرمەندانی تری ناوچەکانی تر بیانتوانیانە سوود لە یەکتر ببینن بەمجۆرە.

**• زاخۆ جیاواز لە دەڤەرەکانی تری کوردستان بە جۆرێك بووە کە زۆربەی کات لە پێشەوەی دەڤەرەکانی تر بووە لە رووی دەنگ بێژی سەرکەوتووە تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- کارتێکردنی ناوچەی جزیری بۆتان بەسەر زاخۆوە هەیە، هەروەها خەڵکی ئەم دەڤەرە مەبەستم زاخۆیە لە کۆنەوە گوێگری هونەرمەندان بوون بۆیە توانیویانە سوود لە هونەری هەموو ناوچەکانی تر وەربگرن رووباری خابووریش لەوانەیە کاریگەرییەکی بەسەر ئەم سەرکەوتنەوە هەبێت.

**• ئایا تۆ دەچیتە ئاهەنگە تایبەتیەکان(خێزانییەکان)؟**

- بەڵێ من زۆربەی کات دەچم بۆ ئاهەنگە تایبەتییەکان (خێزانییەکان).

**• هۆکاری چونت بۆ ئەم ئاهەنگە چییە؟**

- راستیەکەی ئەگەر من بچم بۆ ئاهەنگی خێزانی و لەم جۆرانە ئەتوانم بڵێم لەوانەیە نەتوانم خۆم بەڕێوەبەرم،چونکە وەکو هەندێ هونەرمەندانی تر دەوامێکی تایبەتی خۆم نیە بۆیە ئەگەر نەچم بۆ ئەو جۆرە ئاهەنگانە وەکو باسم کرد نەك ناتوانم خۆم بەرێوەبەرم بگرە ناتونم هیچ کارێکی خۆم ئەنجام بدەم.

**• چون بۆ ئاهەنگ هۆکارێك نیە بۆ دابەزینی کەسایەتی هونەرمەند لەلایەن خەڵکەوە؟**

- بەڵێ بە تأکید وایە بەڵام وەکو گوتم ئەگەر کارێکی ترت لەبەردەمدا نەبێت ناچار دەبیت بتوانم کاروبارەکانی خۆم بەرێوەببەم یان دەوامێکی ئاسایم هەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێم دوور دەکەومەوە لە ئاهەنگ گێران.

**• لەبەرهەمهێنانی بەرهەمێکی خۆت پشت بەکێ دەبەستی لەرووی ماددیەوە؟**

- ساڵانی بەر لەئێستا هەردوو دەزگای(ئامەد و شان) هاوکاریان دەکردم، بەڵام ئێستا بە هاوکاری کەناڵی (uin tv) ئەتوانم کارەکانی خۆم بکەم زۆر سوپاسیان دەکەم .

**• زۆرجار لەگەڵ هونەرمەند (سەمیر عەبدالله) پێکەوەن یان پێکەوە دیار دەکەون لەسەر شاشە ئایا(سەمیر) هاورێی نزیکی خۆتە؟**

- (سەمیر عبدالله) نەك بە هاورێیەکی خۆم دادەنێم بەڵکو بە برایەکی خۆمی دادنێم نەك لەبەرئەوەی هونەرمەندێکی گەنجەو سەکەوتووە، بەڵکو لەلایەك من و ئەو پێکوە هاتینە نێو ئەو بوارەوە لەلایەکی تریش مرۆڤێکی راستگۆو پاکە بۆیە زۆرم خۆش دەوێت و زۆربەی کات پێکەوەین.

**• تۆ جگە لەکلیپی (پشتی چ) بڕیار بوو گۆرانی (نازدار) کلیپ بکەی ئەی بۆچ راتگرت؟**

- راستی هۆکاری راگرتنی ئەم کارەیان ئەنجام نەدانی ئەم کارە دەگەڕایەوە سەر ئەکتەر کە ئێمە ئەکتەرێکی (کچی) ئەو جۆرەمان دەست نەکەوت کە بتوانێت پڕ بەمانای گۆرانیە فۆلکلۆرییەکەم دەور ببینێت، پێشم باش نەبوو کەسێکی تری غەیری کورد یان کەسێکی نەشارەزا لە فۆلکلۆر بخەمە نێو کلیپ کە گۆرانییەکەی فۆلکلور بێت.

**• (ئەگەر) هونەرمەند نەبوایە حەزت دەکر چی؟**

- وڵلا زۆر حەز بە بواری وزیفی دەکەم ، بەڵام ئەوە دەڵێم ئەگەر من هونەرمەند نەبومایە، بەکەڵکی هیچ کارێکی تر نەدەهاتم .

**• باشە بابزانین(ئیسلام) عاشقە؟**

- بەڵێ.

**• عاشقی چ شتێکی؟**

- من عاشقی وڵات، دایك ، خۆشەویشتەکەم.

**• کەواتە خۆشەویستت هەیە؟**

- بەدڵنیاییەوە بەڵێ.

**• کاروپڕۆژەی داهاتووت چییە؟**

- ئەگەر بکرێت بە هاوکاری کەناڵی(vin tv) لە دەرەوەی وڵات چەند کۆنسێتێك ئەنجا دەدەین، خەریکی یەکێك لەگۆرانیەکانی ئێو دوایی ئەلبوم کلیپی بۆ بکەم، دوایی ئەمانەش بەکاری بەرهەمێکی نوێوە خەریك دەبم کە لە ئێستاوە هەوڵی کۆکردنەوە بەرهەمەکان دەدەم بۆ ئەوەی دوایی ئەو کارانەی کە لەسەرەتا باسم کرد دەست بەکاری ئەلبوم بکەم.

**• کاتمان زۆر گرتی پرسیار زۆر بوون؟**

- نە بەپێچەوانەوە زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم بۆ ئەو گفتوگۆیە توانیمان باس لە کۆمەڵێك شت بکەین زۆر سوپاسی بەرێزتان دەکەم کە ئێمەتان بەبیرهاتەوە دووبارە سوپاستان دەکەم وە هیوای سەرکەوتنیش بۆ گۆڤاری گوڵان دەخوازم.



**هونرمەندانی کۆنی ئێمە ویستویانە ئەو شارەزاییانەی هەیانە بە ئێمەی گەنجی بدەن**

**خۆزگە هەموو هونەرمەندانی تری ناوچەکانی تر بیانتوانیانە سوود لە یەکتر ببینن**

## هونەرمەند کامەران عومەر بۆ گوڵان:

# ویستیان دەنگم بخنکێنن نەیانتوانی



***کامەران عومەر ئەو ئەستێرەیەی ساڵانێکە لە ئاسمانی هونەری کوردیدا دەدرەوشێتەوە و خاون دەنگێکی بەسۆز و ئیحساسێکی تایبەتییە، هەمیشـــەش لەبەرهەمەمەکانیدا ڕەســەنایەتی پاراستووە و خاوەن ســتایلێکی تایبەت و سەلیقەیەکی جوانی هونەرییە، ئەو ساڵانێك بەبێ دەنگی مابۆوە و وەك خۆی دەڵێت بێدەنگی باشترە لەکاری زۆر و بۆر . ئێستاش دوای ئەو بێدەنگییە بە ئەلبومێکی نوێوە دێتەوە نێو دنیای هونەر گۆڤاری گۆڵانیش ویستی هونەرمەند کامەران عومەر بەچەند پرســیارێك بەسەر بکاتەوە و ئەویش بە سووپاسەوە بەم شێوەیە بۆ وەڵامی پرسیارەکان هاتە ئاخاوتن.***

*** ماوەیەك بێدەنگـــی هونەرمەند کامەران عومەری گرتبۆوە بۆچی ؟ کـەی هونەرمەند کامــەران عومەر ئـەم بێدەنگییە دەشکێنێ؟**

- من پێم وایە هەندێك جار بێدەنگی باشـــترە لەوەی کاری زۆر و بۆر پێشـــکەش بکەیت، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە ئەو بێدەنگییە بشـــکێنم بە کۆمەڵێك بەرهەمی جوان خزمەتی جەماوەرەکەم بکەم.

*** بەڕێزتـــان چ جیاوازییـــەك دەبینـــن لـــە نێوان هونەرمەندانی ســـاڵانی هەشـــتاکان هونەرمەندانی ئێستا ڕۆڵی کامیان باشتر هەڵدەسەنگێنی؟**

-من پێم خۆشـــە ئەو شەڕە بە من نەکرێت بەڵام دان بەو ڕاســـتیەدا دەنێم کەوا کارە هونەرییەکانی ساڵانی هەشتاکان پوخت ترو پڕ ئیحساس تر بوون بەڵام ئێستا زۆر کلیپ و کاری هونەری دەبینیت بە کۆمەڵێك کچ ســـەرنجی بینەر ڕادەکێشن من

دیمانە/ سۆران مارف کەریم
Soran.marif@yahoo.com



پێم وایە کاتێك دەنگ خۆش بوو ئیتر پێویســـت بە هیچ ڕتوشێك ناکات تا ســـەرنجی بینەری پێرابکێشـــێت بینەر خۆی دەتوانێت کاری باش و خراپ لە یەکتری جیا بکاتەوە

*** بوونـــی ســـێ هونەرمەند واتە (ســـۆران عومەر،ســـامان عومەر،نەریمـــان عومـــەر)چ کاریگەریەکـــی هەبووە لەســـەر جەنابتان؟**

-مـــن زۆر دڵخۆشـــم و پێم خۆش بـــوو هەمـــوو ئەندامانی خێزانەکەمان سەرقاڵی کاری هونەربوونایە نەوەك تەنها سێ کەس من حەز دەکەم بزانن من دەســـپێك بووم هاتمە ناو کۆڕی گۆرانی وە دواتریش ئەوان کە کاری هونەریان دەستپێکرد سەرکەوتوو بوون

*** ســـتایلی تۆ ســـتایلیکی هێمنە .تۆ بە پێویســـتی نازانی هونەرمەند دەبێت لە هەموو ســـتایلەکاندا تەجروبەی هەبێت ئایا هونەرمەند کامەران عومەر بیری لەوە نەکردۆتەوە بە ستایلی خێرا گۆرانی بچڕێت؟**

-من بـــە دوای موعاناتی ئـــەو خەڵکەدا وێڵـــم و ئەمەوێت موعاناتی خەڵك بدۆزمـــەوە و کاری تیا بکەم دەنگی من تەنها لەو ستایلەدا خۆی دەبینێتەوە کە هێمن بێت من زۆربەی ئاوازەکان هی خۆمە و دەنگی خوم لە ستایلی هیمن دا بینوەتەوە و لە سەر ستایلی خێرا کار ناکەم .

*** هونەمەندانی ئێســـتا پێیان خۆشـــە زوو دەرکەون بێئەوەی خۆیان هیلاك بکەن بـــەدوای بەرهەمەکانیاندا وە چاوەڕێی ئەوەن موزیـــك ژەنێك بەرهەمەکانیان بـــە پووختی بۆ ئامادە بکات ئایا ئەمە نەبوونی متمانە نیە بە خۆیان.**

- بەڵێ ئـــەوە نەبوونی توانـــا و متمانەیە دەنـــا چون دەبێت هونەرمەند خۆی هیلاك نەکات بە بەرهەمەکەیەوە

*** دوای ئەوەی لەلایەن ئاسایشـــەوە دەســـتگیر کرای هەستت بە چی کرد؟**

- (ویســـتیان دەنگـــم بخنکێنن نەیانتوانی وویســـتیان ڕەنگم بسووتێنن نەیانزانی

من چـــۆن بە ئێوە کەم دەکەم هەتا عاشـــقانم لە پشـــت بێت بـــە ئاواتی خۆم هەر دەگەم )بەڵێ کامـــەران عومەر هەر چەند کارەسات و مەینەتی بەسەر بێت زیاتر من حەماسەتی گۆرانی و شیعر و هونەرم زیاتر دەبێت

*** هیچ کاردانەوەیەکی سلبی نەبوو لە سەر جەنابتان؟**

- نەخێر هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو لەسەر من.

*** دوای ئەوەی بێتاوان دەرچوویـــت هیچ داوایەکت نەبوو بۆ قەرە بوو کردنەوەت لەلایەن لایەنی پەیوەند دارەوە؟**

-بەڵێ مـــن داوام هەبوو بەڵام هاتنە ســـەر بەرەکەی جەنابت وداوای ئیعتیزاریان هێنایەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا.

*** هۆکاری تۆمەتبار کردنی ئێوە چی بوو؟**

- ئەو تۆمەتە بوو کە بڵاوکرایەوە و بیستتان دوا جار لەسەرمان ئیسپات نەبوو

*** ڕیکخراوی هونەرمەندان هەڵویستیان چی بوو.**

- هیچ هەڵوێســـتێکیان نەبوو تەنها من سوپاسی کاك جیهاد دڵپاك دەکەم کەوا هات و سەردانی کردم لە کاتێکدا من ئەندامی ئەو ڕیکخراوە بووم.

*** دوای ئـــەوەی بێتاوان دەرچوویت بیرت لـــەوە نەکردوەە واز لە هونەر بهێنیت یان بە یەکجاری کوردســـتان بە جێ بهێڵی یان بڕیارتـــداوە جارێکی تر بە گوروتینێکی تـــر بێیتەوە ناو دنیای هونەر؟**

- من دارێکم ناشتوە چۆلەکەش بە سەریەوە دەنیشێتەوە هەروەها قەلە ڕەشیش، پێویستە هونەرمەند خۆراگر بێت و کۆڵنەدات زاڵ بێت بەسەر نەفســـی خۆیدا من ئەو ڕووداوە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو لە ســـەرم دیارە من بوونم هەبوو بۆیـــە ئەو تۆمەتەیان بۆ دروســـت کردم ئەگەر بوونت نەبێت هیچ کەســـێك باست ناکات من بناغەیەکی وام هەیە هەرگیز ناڕوخێم ئێســـتا لە جاران زیاتر ئیلهامی گۆرانی و شیعرم هەیە.

*** کامەران عومەر دوای زیاتر لە ســـێ ساڵ خزمەت کردن لە نێو دنیایی هونەر ئێستا چۆن پێناسەی دنیای هونەر دەکەیت؟**

- هونەر لای من زۆر گەورەیە و نازانم بە چ زمانێك پێناسەی بکەم.

*** لایەنـــی پەیوەندار تا چەند توانیوویەتی ئاوڕێکی جدی لە خزمەتی هونەری کامەران عومەر بداتەوە؟**


بەداخـــەوە تا ئێســـتا پارچەیـــەك زەویم بۆ دیـــاری نەکراوە هاوکارییەکم نەکراوە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بەڵام هەندیك بـــرادەر هاوکارییان کردووم بەتایبەتی بۆ ئەم بەرهەمە نوێیەی کە لەبەر دەستمە وە لێرەوە سوپاسی کاك گوڤەند دەکەم بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم بەرهەمە نوێیەم.

*** چ مژدەیەکـــت پێیە بـــۆ هەوادارانی دەنگـــی کامەران عومەر؟**

- پێیان دەڵێم چاوەڕوان بن بەم زووانە بە ئەلبومێکی هەشـــت گۆرانییەوە دەگەڕێمەوە لایان کە بە داخەوە ماوەیەك بەر لە ئێســـتا بەهۆی ســـووتاندنی ســـتودیۆکەوە کارەکانـــی منیش تیا چوون ئێســـتاش وا بەرهەمەکانم لە قوناغی کۆتاییدایە و ئەم بەرهەمەم زۆر جیاوازی هەیە لە چاو بەرهەمەکانی پێشوومدا بەتایبەتی لە ڕووی تەکنیکی کاری هونەرییەوە .بە شـــێوەی تراکات کارەکانم ئەنجام داوە هەر لێرەشەوە داوا لە جەماوەری خۆشەویستم دەکەم کە ئەم بەرهەمەم کۆپی نەکەن هەوڵبدەن بەشێوەی ئۆرجینال بەرهەمە پەیدا بکەن وە ئەم بەرهەمەم پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی عاشقی دەنگی هونەرمەند کامەران عومەرن و لەکاتی کێشەکەمدا دەیانوت خۆپیشـــاندان دەکەین من جارێکی تر دڵێم ناڕووخێم و ئەبێت عاشقانی دەنگی کامەران عومەر بێبەش نەکەم.

**-من زۆر دڵخۆشم و پێم خۆش بوو هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان سەرقاڵی کاری هونەربوونایە**

**هونەر لای من زۆر گەورەیە نازانم بە چ زمانێک پێناسەی بکەم**



# هونەرمەند (کەمال محەمەد) سرودێک بۆ نیشتیمان

دوای ئـــەوەی دواین بەرهەمی بەنـــاوی (کۆچ) لەلایەن جەماوەرەوە پێشـــوازییەکی گەورەی لێکرا و ســـەرکەوتنێکی بەچاوی بە خۆوە بینی ئێســـتا هونەرمەنـــد کەمال محەمەد سەرقاڵی بەرهەم هێنانی سروودێکە بۆ نیشتیمان.

هونەرمەند کەمال محەمەد کە ســـاڵانێکە لە وڵاتی سوید ژیان بە ســـەر دەبات لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا بە گوڤاری گوڵان ڕایگەیاند: ئەمرۆ لەم بارودۆخەی ناسک و هەستیارەی وڵاتەکەمانـــی پێدا تێپـــەڕ دەبێت و لەو کاتـــەی دوژمنانی کوردستان هەرەشەی لەناوبردنمان لێدەکەن و چاویان بەو ئازادییە هەڵنایە کە ئێستا ئێمەی تێیدا دەژین، ئێمەی هونەرمەند چەند ســـرودی نیشتیمانی تومار بکەین هێشـــتا ناگات بە خوێنی شەهیدێك کە ئەمڕۆی بۆمان هێناوەتە بوون من دەمەوێت بەم سرووده خزمەتی نیشتیمانەکەم بکەم و ئەو قەرزەی لە ئەستۆی وەك هونەرمەند بەرامبەر بە نیشتیمان و ئەو نەمرانەی گیانی خۆیـــان لە پێناو ئازادیدا کردە قوربانی هەڵبگرم وە هونەرمەند ئەوەی ڕوون کـــردەوە ئەم بەرهەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاو دەبێتەوە کارە هونەرییەکانـــی لە قۆناغی تەواو کردندایە و لە تێکســـتی (عومەر عەبدولکەریم جاف) و ئاوازی سرودەکەش خۆم ئامادەم کردووە بەبەشداری هونەرمەندان (بێخاڵ جەودەت و ئـــاراس محەمەد و کارزان کامیل) کە لە هەمان کاتدا وەك کۆرس ڕۆڵیان لەم ســـرووده دا بینیوە و کاری دابەشـــکردنی



مۆســـیقاش لەلایەن هونەرمەندی موزیـــك ژەن کارزان کامیل ئامادەکراوە.

**ئا/سۆران مارف**



# هونەرمەند کـــاروان نـــوری سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێیە

لەدوای ماوەیەك دابـــڕان و دوورکەوتنەوەی لەدنیای هونەر جارێکی دیکە هونەرمەند کاروان نوری بە کۆمەڵێك بەرهەمـــی هونەرییەوە دەگەڕێتـــەوە نێو دنیای هونەری کـــوردی و دەیەوێت جارێکی دیکە لەنێـــو ئەو دنیایەدا ئەســـپی خۆی تاو بدات و خزمەتـــی هونەری کوردی بکاتەوە هونەرمەند کاروان کۆتایی ســـاڵانی هەشتاکان دەســـپێکی کاری هونەریی بووە وخاوەنی زیاتر لە (٥٠) گۆرانییە لەنێو ئەرشیفی هونەری کوردیدا لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵان ئەوەی درکاند کە ئێســـتا ســـەرقاڵی بەرهەم هێنانی ســـیدییە بەناوی (عەشق و نامۆ بوون) ئەم بەرهەمە (١٠) گۆرانـــی لەخۆ گرتووە، لە ئاوازی هونەرمەندان (کارزان کامیل و پشکۆ مستەفا و ئەحمەد چاوشین و خۆیەتی) هۆنراوەی گۆرانییەکانیشی لەلایەن شـــاعیران (ســـیروان محمد و ئەحمد چاوشین و پشکۆ مســـتەفا) وە ئامادەکراوە وکاری دابەشـــکردنی موزیك لەلایەن (کارزان کامیل)وە ئامادەکراوە، کاری مۆسیقاش لەلایەن هونەرمەندان (کارزان کامیل، ئاڵان کامیل، ئەحمد چاوشین) وە کراوە، شایانی ئاماژەیە هونەرمەند کاروان ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئـــەم کارەی زۆر جیاوازی هەیە بە بەراوردکردن لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشـــوویدا لەڕووی تەکنیکی کاری هونەرییەوە.